# کۆتر و پڵنگ

حەمەسەعید حەسەن

نووسەری ناودار ئاگاسا کریستی (١٨٩٠ ـ ١٩٧٦) کە خۆی ژنی پیاوێکی ئەرکیۆلۆگ بوو، دەڵێت: (ئەرکیۆلۆگ باشترین پیاوە کە ژن هەیبێت، ئاخر ژن تا پیرتر ببێت، زێتر سەرنجی ئەرکیۆلۆگ ڕادەکێشێت.) پێ دەچێت سەرانی دوو زلحیزبەکەی کوردستان، لە ئاستی عێراقدا، هەموویان هەر ئەرکیۆلۆگ بن، ئەگەر نا، ئەوە چییە وای کردووە، تا عێراق بە قووڵایی ساڵاندا ڕۆ بچێت، ئەوان زێتر شەیدای دەبن؟ ئەگەر نا، چی ئەوانی وا توندوتۆڵ بە کەلاوەکانی عێراقەوە گرێ داوە؟

ساڵی ١٩١٧ کە سەربازانی ئینگلیز گەیشتنە بەسرە، بە خەڵکی شارەکەیان گوت: ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بەسەرتاندا سەربکەوین، بۆ ئەوە هاتووین، ئازادتان بکەین. ئازادکردنەکەی ئەو سەروەختە بە دامەزراندنی عێراقێک کۆتایی هات، کە کورد چونکە تێیدا کۆیلە بووە، هەرگیز بە نیشتمانی خۆی نەزانیوە. ساڵی ١٩٢١ کوردستانی باشوور دژی خواستی کورد بە عێراقەوە لکێندرا، ئێستا ئیدی وەختی ئەوەیە کورد بەو ئەزموونە تاڵەدا نەچێتەوە، دەست بۆ ئەو پشکۆیە نەباتەوە، کە پێشتر جزەی لە پەنجەی ڕۆحی هەڵساندووە.

ئەوی مل بۆ واقیعی زاڵم کەچ بکات و بیر لە داهاتووی گەشتر نەکاتەوە، هەر چییەک بێت، شۆڕشگێڕ نییە. پاساوی ئەوانەی پێیان وایە، هەلومەرجەکە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە، تەنیا ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەب و دراوسێ دڵیان زیز دەبێت. ئایا ئەوە جێی خۆیەتی کورد لەبەر ڕاگرتنی دڵی عەرەب، لە مافی ڕەوای خۆی خۆش ببێت؟ ئایا لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا، ئومێدی ئەوە هەیە، وڵاتانی دراوسێی باشووری کوردستان، کۆچ بکەن و وڵاتانی دیکەی ناعەرەب و ناداگیرکەر جێیان بگرنەوە؟ ئەگەر نا، ئەوا با چاوەڕێی ئەو ڕۆژە لەبارە بین و ئەوسا باس لە کوردستانی سەربەخۆ بکەین. سویسرا وڵاتێکی فیدرالییە، ئایا گەرەنتیی ئەوە هەیە بە بیست سەدەی دیکەش، سەری عێراق، بگاتە داوێنی ئێستای سویسرا؟ ئەگەر نا، بۆچی کوردستان بە دۆزەخی عێراق بسپێرین؟

ئەو کوردانەی دەنگ بۆ عێراقێکی فیدرالی دەدەن، بزانن یان نا، گەورەترین غەدر لە نەوەکانی داهاتوو دەکەن. تاوانی نەوەکانی داهاتوو چییە، تا کۆتری چارەنووسیان فڕێ بدرێتە بەردەم پڵنگی عێراق؟ ئەوان بۆچی باجی هەڵەی ئێمە بدەن؟ زۆربەی ئەوانەی کە سەربەخۆییخوازن، گلەیی ئەوەیان لە سەرانی کورد هەیە، چونکە ژمارەی کورد لە پێنجیەکی دانیشتووانی عێراق زێترە، نەدەبوو لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییدا، بە پێنجیەک قایل ببن، یان دەبوو کورد مافی ڤیتۆی هەبێت، یان عێراقێکی فیدرالی لەسەر ئەم بناغەیە نەبێت و لەسەر ئەوی دیکەیان بێت. نازانم ئەو هێزایانە چۆن دەرکیان بەوە نەکردووە، سەربەخۆییخوازی و جوانکردنی سیمای دزێوی فیدرالی، هیچ کۆیان ناکاتەوە.

کورد، مارینز بە فریادڕەس دەزانێت، عەرەب بە داگیرکەریان تێدەگات. کورد پێی خۆشە مارینز نیو سەدەی دیش میوانی بن، عەرەب خوازیارە نیو سەعاتی دیکە عێراق چۆڵ بکەن. کورد مارینز گوڵباران

دەكات، عەرەب بەرقیان پێوە دەنێت. كورد شەیدای سیستەمێكی عەلمانییە، عەرەب لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتدا، دەستوور دەنووسێتەوە. كورد بیر لە ڕۆنانی كۆمەڵگای مەدەنی دەكاتەوە، بە دەگمەن عەرەب هەیە، ڕستەیەكی لەبارەی كۆمەڵگای مەدەنییەوە ژنەوتبێت. كورد خوازیارە یاسا سەروەر بێت، عەرەب ملكەچی حەوزەی نەجەف یان قومە. لای كورد مانگی تیرەگەری ڕوو لە ئاوابوونە، لای عەرەب تازە خەرمانەی داوە. عەرەب خوازیارن، عێراق بە كورد و باشووری كوردستانەوە، بەشێك بێت لە نەتەوەی عەرەب و یەكێك بێت لە ئەندامانی یەكێتیی دەوڵەتە عەرەبییەكان، كورد خەو بە كوردستانێكی گەورەوە دەبینن. هەشتا و دوو ساڵە لە عێراقدا كورد نەتەوەی بندەستە و عەرەب نەتەوەی سەردەست. لە سزای كام تاواندا، كورد داهاتووی خۆی بە تفەنگە بەكرێگیراوەكانی فەلووجەوە گرێ بدات؟ نیو سەدە زێترە عەرەب باس لە یەكێتی دەكەن و هێشتا دوو دەوڵەتیان یەكیان نەگرتووە، لەبەرچی باشووری كوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا یەك بگرێت؟ بە ڕاست كورد و عەرەب چی كۆیان دەكاتەوە؟

ئەوە نسكۆیەكی گەورە بوو بۆ كورد كە ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی، بە زۆربەی دەنگ، عێراقێكی فیدرالیان پەسەند كرد، بریا دژی بە فیدرالكردنی عێراق بوونایە. بەو هیوایەی كە ڕاپرسی بۆ دەستووری نوێی عێراق كرا، كورد و عەرەب و توركمان، لە دژی بە فیدرالكردنی عێراق، دەستووری پێشنیاركراو پەسەند نەكەن، بەڵكوو ئەوسا سەرانی دوو زلحیزبەكە، ناچار بین، داوای سەربەخۆیی بكەن! ئاخر ئەوان تا ناچار نەكرێن، هیچ گاڤێ ناهاوێژن. ئەوان ناچار كران، شۆڕشی نوێ هەڵبگیرسێنن. ناچار كران سەددام و عەلی كیمیاوی ڕابمووسن. ناچار كران دەست بە شەڕی براكوژی بكەن. ناچار كران پێش لەشكری داگیركەرانی كوردستان بكەون. ناچار كران ئاشت ببنەوە. ناچار كران ئاڵای كوردستان بڵند بكەنەوە. ئەوان چونكە هەرگیز سەری ڕێزیان بۆ گوشاری میللەت نەوی نەكردووە، مەگەر بە هیوای ئەوە بین، مارینز ناچاریان بكات، جاڕی سەربەخۆیی بدەن.

ئەگەر سەرانی كورد دەستبەجێ جاڕی سەربەخۆیی نەدەن، بەر غەزەبی نەوەكانی داهاتوو دەكەون. بریا بۆش و بلێر وەك عێراقیان لە دەست بەعس ڕزگار كرد، كوردستانشیان لە دەست عێراق ڕزگار كردبا، ئەگەر نا، هیچ گومانم لەوە نییە، دیسانەوە لەسەر گاشەبەردی یەكپارچەیی خاكی عێراق و برایەتیی كورد و عەرەب، گۆزەی مافی برابچووك وردوخاش دەبێتەوە. ئەوە تەنیا بەریتانیا بوو، لە سێ ویلایەت عێراقی پێك هێنا، ئیدی بۆچی پێمان وا بێت، بە بەریتانیا و ئەمریكا، دووڵەت ناكرێت؟ بوش، خۆی گوتەنی، ئەگەر بلێریش بە دەنگییەوە نەهاتبا، هەر عێراقی (ئازاد) دەكرد، ئیدی بۆچی پێمان وابێت، نە لە توانایدا هەیە و نە دەخوازێت، دووڵەتی بكات؟

2003. 08. 10